# مانگرتنی خوێندکاران و گەندەڵی ئیداری .

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

ڕاستە مانگرتنەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەڕووی داواکاریەوە، داواکاریەکانیان پەیوەندیدارە بەداخستن و گومان لەکردنەوەی زانکۆیەکی ئەهلی ، بەڵام لەڕوویەکی دیکەوە دەکرێت وەک کردەیەکی نوێ و جوڵەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت، کەنەک هەر لەچوارچێوەی زانکۆدا قەتیس نابێت ، بەڵکو وەک ئەو پزیسکەوایە بەتەعبیری لێنین کە دەکەوێتە نێو پەشوپەڵاشێکی وشکەوە، بەشێوەیەک کە چیدی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە ڕووداوێک نابێت ئاوەها بەئاسانی تێپەڕبێت ، بەڵکو من پێموایە لەو ڕووداوە گرنگانەیە کە دەبێت بەبەشێک لەو پێچە مێژوویەگرنگانەی سەرەتای گۆڕانکاریەکی مەدەنی لەکۆمەڵگای کوردیدا.

ئەوەی سەیری مێژوویی مانگرتنەکانی خوێندکارانی زانکۆ بکات لە کوردستان و لەجیهاندا ، ئەو ڕاستیە سادەی بۆ دەردەکەوێت کە خوێندکارانی زانکۆ هەستیارترین و ڕامنەکراوترین توێژی کۆمەڵگەن، لەڕووی ووزەدان بە بزاوتەکۆمەڵایەتیەکان ، خاڵێکن کەبەشێکی زۆری جوڵەیان تێدا کۆدەبێتەوە، مەبەستم لەجوڵە ئەوەیە گەر دەزگاکانی دەرەوەی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەکان لەنێو دەزگاکاندا بەرەوە جۆرێک لە ڕۆتین و بیروکراسیەتی دەزگادا کێشەکانیان بسوڕێتەوە، ئەوا زانکۆ بەحوکمی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زانست و توێژینەوە، مرۆڤێک بەرهەمدێنێت کە بەردەوام لەجوڵەدایە ، مرۆڤێکە هەمیشە لەگەڵ ئیدیای زانستی وفیکریدا دەژیت ، بێگومان بەحوکمی پیشەی وەک خوێندکارێکی باڵا ئەو جوڵەیە گەر لەخوێندن و زانستەوە بگوازێتەوە بۆ هەر کردەیەکی مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایی، ئەوا نەک هەر دەبێت گوێیان لێبگیرێت ، بەڵکو دەبێت ئاوڕێکیش بدرێتەوە لەو باگڕاوند و زەویەی کەئەو ناڕەزاییەی بەرهەمهێناوە. لێرەوەشەوەپێموایە ئەوەی خوپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی (**بەدەستێکی نهێنی** ) لەقەڵەمدەدات و هەندێکیش داواکاریەکانیان بە ناماقوڵ و ناڕیالستی لەقەڵەمدەدەن هەوڵدەدەن ئەوە بڵێن کەخوێندکاران کۆمەڵێک منداڵەورکەی هارووژاون و ئەم و ئەو هەڵیان دەسوڕێنن!، ئەم گوتەبێژەیانە هەوڵێکین بۆ کەمکردنەوە و بەهێند وەرنەگرتنی ئەو خوپیشاندانە وەک چۆن لەسەر زاری لێپسراونی حکومەتی هەرێم هاتووە. مانگرتنەکان ئەو دەلاقە گەورەیە نیشاندەدات کەنەک تەنهالەنێوان خوێندکاران و دەزگاحکومیەکاندا بوونی هەیە ، بەڵکو ئاماژەیەکیشە بۆ بوونی دەلاقەیەکی قوڵترو سەختر لەنێوان دەزگاحکومەیەکان و سەرجەم کۆمەڵگەدا.

لەم گۆشەنیگایەوە ئەو مانگرتنانە سەرەتایەکە بۆ کردنەوەی زۆر کێشەی دیکە کەناکرێت بەجیا لەکێشەکانی دیکە سەیربکرێت و وەلابخرێت، سەرەتایەکە بۆ لادانی سەرقاپی مەنجەڵێک دەمێکە لەڕادەی کوڵان دەرچووە و ئیدی ووردە ووردە هەڵمەکەی بەرزدەبێتەوەو پێدەچێت خوێندکارانی زانکۆ سەرەتای لەقاندنی سەرقاپی ئەو مەنجەڵە ترسناکە بن.

مانگرتنەکان وەکو ئاماژەم پێدا لەخۆڕانەهاتووە و تەنها لەو سنورەشدا قەتیس نابێت کەئایا حکومەتی هەرێم بەوە ڕازیبێت ئەم زانکۆیە دابخات یاخود بەردەوامیـبدات بەو پڕۆژەیەی کە نۆکەسی پسپۆڕ لەدژی کردنەوەی لەهەڵسەنگاندنەکانیاندا ئیمزایان لەسەر کردووە کەچی سیاسەت و حکومەت باز بەسەر هەموو ئەو ئیعتیبارانەدا دەدات و لەسەر زاری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەئاشکرا دەڵێت (**ڕاستە بڕیارێکی سیاسیە، بەڵام حکومەتی هەرێم جێبەجێکردووە... سەرچاوە هاوڵاتی ژمارە216 ی ساڵی 2005** ) .

دەشێت حکومەتی هەرێم چۆن بەبڕیارێکی سیاسی ئەو زانکۆیەی کردۆتەوە ئاوەهاش بۆ هێمنکردنەوەی خوێندکاران دەتوانێت دایبخات، بەڵام ئایا کێشەکە تەنها ئەو دووریەی هەیە؟!، نەخێر بەڵکو کێشەکە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەلدەکێشێت بۆ گومانکردن لەسەرجەم پەیوەندی نێوان دەسەلات و کۆمەڵگە کەلەڕێگەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری چالاک و دەسەلات دا بەرجەستە دەبێت.من پێمووایە خوێندکاران بەشێکی گرنگ پێکدێنن لەو ڕۆشنبیرە ئۆرگانیانەی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کاری خۆی دەکات و مانگرتنەکانیشیان قورسایی خۆیان هەیە، هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانم دووریەکانی دیکەو سەرنجەکانم لەم خالانەی خوارەوە فۆرمولەبکەم :

1- **مانگرتنەکان جارێکی دیکە ئاوڕدانەوەیەکن لەو گەندەڵیە ئیداریەی کەدەسەلاتی کوردی مومارەسەی دەکات.** ناکرێت ئێمە بەبێئاوڕدانەوەی لەو گەندڵیەی کەلەنێو وەزارەتی خوێندنی بالاو فێربووندا بوونی هەیە، سەیری کردنەوەی ئەو زانکۆ ئەهلیەبکەین، هەموو بەراوردکردنێشی لەگەڵ زانکۆ ئەهلیەکانی دنیادا جۆرێکە لە بەراوردێکی پڕ هەڵەو کەموکوڕی زانیاری . کردنەوەی زانکۆی ئەهلی وەکو کردنەوەی خەستەخانەی ئەهلی وایە لەسەر حسابی خەستەخانەی گشتی ، هەر بۆیە خوێندکارێک کەلەنێو ئەو گەندەڵیەدا دەژی باش دەزانێت کەلەداهاتوودا زانکۆحکومیەکان سەرەڕای وێرانی مەعریفی و زانستیان سەد ئەوەندەی دیکەش وێرانتر دەبن، دەبنە ئەو خەستەخانەحکومیانەی کەئێستا نەخۆش نەخۆشتر دەکەن.

2- **مانگرتنەکان سەرنج بۆ ئەو ئەقلیەتی گەندەڵی ئیداریەوە ڕادەکێشێت کەپێی وایە هەموو شتێک قابلیەتی فرۆشتن و کڕینە.** بەمانای ناکرێت ئەوانە لەبیرکەین کەلەپشت کردنەوەی ئەم زانکۆیەوە و چەندەها پرۆژەی دیکەوە قازانج دەکەن بەبێئەوەی سەرمایەی خۆیان تێدا بەکار بەرن!، بەڵکودەزگاحکومیەکان و پلەئیداریەکانیان بەکاردەبەن بۆ تێپەڕکردنی بڕیارەکانیان، گەر هاتوو زۆر پسپۆڕو خەبیری حکومیش ڕازی نەبن لەسەر ئەو پرۆژانە، ئەوا فەسادی ئیداری باز بەسەر هەموو ئیعتیباراتێکی حکومی و پسپۆڕی و مەسلەکیدا دەدات بۆ دەستکەوتنی قازانج .

3- **مانگرتنەکان گومانە لەخودی سوستێمی خوێندن بەگشتی.** کردنەوەی زانکۆ لە ناوچەیەکە بۆ ڕازیکردنی ناوچەیەک و بڕیارێکی سیاسیە وەک لەوەی بڕیارێکی حکومی بێت لەسەر بنچینەیەکی زانستی. کۆلێژ و زانکۆکان دەکرێنەوە بێئەوەی ڕەچاوی ڕێژەی وەرگرتن بکرێت لەگەڵ پێویستی زانستی، ئەمە جگەلەوەی خوێندکار لەنێوان بەرداشی سوتێمی کۆنی قبول مەرکەزی عیراقی و بەرەڵلایی ئێستادا قەتیسکراوە. پێموایە پێش ئەوەی بیر لەکردنەوەی زانکۆی ئەهلی بکرێتەوە، دەبێت هەڵسەنگاندنێک گشتی بێبەزەیانە بکرێت لەسەرجەم ئەو زانکۆ و بڕوانامە ساختە و نامەدکتۆرا و ماستەرانی بەمەحسوبیەت و حزبایەتی وەرگیراون و کراون بەموڵک بەسەر خوێندنی بالاو سوتێمی فێربوونەوە. مانگرتنی خوێندکاران لەو گومان و دڵەڕاوکێیەوە سەچاوەی هەڵگرتووەو لەوبڕوایەدام بەداخستنی ئەو زانکۆیە کێشەکە کۆتایی نایەت ، بەڵکو ئەمەسەرەتایەکە بۆ بیرکردنەوە لەڕیفۆرمی سەرجەم سوستێمی فێربوون، کەسالانێکە گوێچکەی کەڕی دەدرێتێت.

4- **من پێمووایە مانگرتنەکان سەرەتایەکن بۆ دروستبوونی گروپەی فشار کەلەگەرمەی ڕووداوەکاندا لەدەرەوەی حزب و دەزگاکاندا پێکدێت.** سروشتی جولانەوەکە لەدەرەوەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران وقوتابیان، یەکەم ڕادەی لەکەلکەوتنی **(جەوهەری حزبی)** ئەو ڕێکخراوانەی سەلماند و دووهەمیش ئاستی هوشیاری خوێندکاران سەلماند کە چیدی کلێشەحزبیەکان قبوڵ ناکەن و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەدەرەوەی ئەو کلێشانەکاردەکەن. ئەم توانای خۆ ڕێکخستن و فشار خستنە سەر حکومەت و دەزگاکان خاڵێکی ڕۆشنە و پێویستە لەسەر هەموو ڕۆژنامە ئازاد و نوسەر و ڕۆشنبیران پشگیریان لێبکەن.

5- **مانگرتنەکە ناڕازەیەکە لەو گاڵتەکردنە بەهەموو بەهاو چەمک و مۆڕاڵێک کەلەکۆمەڵگەدا هەیە، لەزانستەوە بیگرە لەنێو زانکۆکاندا تاوەکو دەگاتە بەهاکانی کلتوری سیاسەت.** سالآنێکەهەموو شتێک گەندەخۆر دەکرێت لە دابەشکردنی کورسی زانکۆکانەوە بیگرە تاوەکو دابەشکردنی پلە و پایەی سیاسی و تا دەگاتە دابەشکردنی زەوی و خەڵاتی ئەدەبی و هونەریش بێ هەبوونی پێوەرێکی ڕاستەقینە. وایلێهاتووە هەموو شتێک ڕەوایە و موستەحیل و ڕێگری یاسایی و ئەخلاقی وزانستی نەماوە، هەموو بۆڵەبۆڵەبۆڵکارێک لەنێو حزب لەوانەیە بە وەرگرتنی لەزانکۆیەکی بەیانی یان ئێوارە ڕازیبکرێت، پارچەزەویەکی بدەنێ لەسەر حسابی تێکۆشەرێکی دڵسۆز و نوسەرێکی جیدی و خێزانی شەهیدێک و مامۆستایەکی کارامە و لێهاتوو. بەجۆرێک هەموو بەهایەک لەهەراجکردندایە و هەموو شتێکیش لە ڕووتکردنەوەیدایە لەهەموو ماناو جەوهەرێکی حەقیقی.

6- **مانگرتنەکان کاردانەوەیەکن لەبەرامبەر سوستێمی ئەگرسێۆنی باوکسالارانەی ئیدارەی زانکۆکانمان.** دەمێکە لە زانکۆکاندا بەزمانێکی تیژ و دوور لەهەموو هەڵس وکەوتێکی زانکۆیانەی پێویست لەگەڵ خوێندکارانەدا دەدوێن، میتۆدی هەڕەشە و گوشارخستنەسەر خوێندکار و ئەگرسێۆن ودوژمنکاری ئیداری هەندێک لەمامۆستایان، بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو. ئەو زۆرانبازیە تاوەکو ئێستا وەک کێشە و دیاردەیەک ممارەسەدەکرێت و بوونی هەیەن بەجۆرێک جاری وەها هەیە گەیشتۆتە سەر ئاستی شەڕ و یەخەگرتن بەیەکتری. ئەو دوژمنکاریخوازە ئیدارەییە سوستێمی زانکۆ ممارەسەی دەکات، ئاماژەیە بۆ ئەوقەیرانە دژوارەی کە نێوەندی زانکۆیی پێوەیدەناڵێنی. ئەو دوژمنکارە ئیداریە نەک تەنها خوێندکارانی گرتۆتەوە بەڵکو بۆتە چەترێک گەر هاتوو مامۆستاکانیش نەیەنە ژێری ئەوا بەر بروسکەی دەکەون. بۆنمونە وەزیری خوێندنی باڵا دوور لەهەموو زمانێکی زانستیانەوە مانگرتنەکان بە**(ئیرەی و ئەنانیەتی خوێندکاران)** ناوزەدرکرد، نەک هەرئەوەندەش بەڵکو زۆر سادەخوازیانەی دیاردەکانی شیکردەوە و وەریگێڕایە سەر قسەی سەرجادە و کردی بەمەسەلەی حەسودی و ئەنانیەت و قسەی بەر دەرگا!. پێموایە دوای ئەم تەسریحات و گوتەبێژیانە گومان دەکەین لە ئاستی هۆشمەندی زانکۆیانەی جەنابی وەزیر ، هۆشمەندیەک کەپێی دەڵێن **ڕۆشنبیری ئەکادیمیانە !!.** ئەم کەمکردنەوەی بەهای دیاردەکانە و جۆرێکە لە شەرعیەتکردنی ئەگرسێۆنی ئیداری دژی خوێندکاران، بۆنمونە دەڵێت **(خوێندکاران چیان دەوێت لەوەزیاتر..)** ئەمە نەک زمانی وەزیری خوێندنی باڵانیە، بەڵکو نابێت زمانی فیربوویەک بێت لەئاستێکی زۆر سەرەتادا. ئەگرسێۆن لەبەشێکی دیکەی گوتەبێژیەکەیدایە کە بەتەحەدایەکی کوێرانەوە دەڵێت **(نەک هەر دایناخەین بەڵکو زانکۆی دیکە دەکەینەوە... )**، من لەبڕوایەدام لێدوانی بەڕیوبەرێتی ئاسایشی سلێمانی زۆر هێمنتر و گونجاوتر بوو وەک لەوەزیری خوێندنی باڵا.

لەکۆتایدا دەڵێم گەر ئەم گوتەبێژیانەی جێگری حکومەتی هەرێم بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی و گوتەبێژی وەزیری خوێندنی باڵا بۆ سایتی پەیامنێر لەهەر وڵاتێکی سوستێم دیموکراسی پێشکەوتودا بگوترایە نەک داوای ئیستقالەی ئەو دوو لێپسراوەیان دەکرد، بەڵکو سەرجەم حکومەتیان، بەسەرۆکی حکومەتەوە دەخستەبەر لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەی کەپێویستە بگوترێت ئەوەیە، کەهێزە چالاک و دڵسۆزەکانی نێو ڕێکخراوەپیشەیەکانی خوێندکاران و قوتابیان و حزبەسیاسیەکان و تەنانەت لەنێو خودی حکومەتی هەرێمدا بەم مانگرتنە فرسەتێکی مێژوویان دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی ڕیفۆرم وپاکسازیەکی بنەڕەتی سازبدەن نەک شکلی وشێوەخوازی، ئەوەی دیار بوو هەندێکیشیان سەلماندیان کەبەهەقەت نابێت ئەوان لەگەڵ گەندەڵی ئیداریدا تێکەڵبکرێن.

من پێمووایە مانگرتنی خوێندکاران دەبێت لەشێوەی مانگرتنەوە بگوازرێتەوە بۆ پێکهێنانی گروپەی فشار کەنەک تەنها لەشێوەی مانگرتن و پێدانی سکاڵانامەیەک کۆتایی نایەت، بەڵکو بەڕۆشنکردن و فۆرمولەکردن وموتابەعەکردنی کێشەکان درێژە بەخۆی دەدات.

ئیسماعیل حەمەئەمین
ئەڵمانیا – نورنبێرگ
18 March 2005
hamalaw@hotmail.com



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com